# رەخنەکردنی خۆمان، نەك بیکەر - هاملتون؟! *

ئاسۆعەبدوللەتیف

ژمارەی پێشوتری ئاوێنە ووتارێکم بلاوکردەوە بە ناونیشانی (بێ ئەجێندا) کە یەک لەبۆچونەکانی نێوئاخنی ووتارەکە، گومان بوو لەسەر ئەو شەرەی کە حیزبی کوردی ماوەیەکە ئەیکا لە بەغدا لەسەر بودجەی هەرێمی کوردستان، ئەز ئەو شەرەم بە شەری بەدەستهێنانی پارە ناوزەدکردبوو نەک بۆ کورد بەڵکو بۆ حیزب و بەتایبەتیش یەکێتی و پارتی و بەتایبەتتریش بۆ (اصحاب الكراس) یەکانی ئەو دوو حیزبە دەسەلاتدارە، کە ئیمتیازەکانیان گەشتۆتە عەرشی مەلەکوت،

بە ئیمەیل و تەلەفۆن هەندێ کەسی پراگماتیک نارازیبوونیان لەمەڕ ناوەرۆکی ووتارەکە پێڕاگەیاندم و بە ووتاری ناواقیعی وەسفیان کرد گوایە لەو پارەیە موچە ئەدەین و جادەوبان چاک ئەکەین و چی و چی، بێئاگا لەوەی کە پێش پرۆسەی ئازادی ئەو بودجەیەشمان نەبوو کەچی ئەوەندەش سەخڵەت نەبوین و بگرە باروت و چەکیشمان بۆ جەنگی ناوخۆ پێئەکڕی!!ئێستاش لەپرۆژەکەی بیکەر – هاملتوندا خەریکە ئەیکەینە شین و دونیا تێئەگەیەنین تەنها لەبەر ئەوەی حەقی تەواوی نەداوە بە هەرێمی کوردستان وەک ئەوەی خۆمان ئەو حەقەمان پێدابێت!؟ بەلام مەسەلەکە ئەوە نییە ئەوەندەی قورساییەکە بۆ داهاتی عیراقە، بێئەوەی ئەو بودجەیەی بەغدا نوزەیەک لە ژیانمان بگۆرێ و مۆممان لۆ بکاتە چرا، کەچی تادێ ژیانی خۆیان لە هەڵکشانێکی سیحریدایە ئەمان سیحری، تابێ ئەو گەندەڵیە چەکەرە ئەکات و وەک ئەمیباو بەکتریا زیاد ئەکات، دەمەوێت جارێکی دیکە تەئکید لەو برگەیە بکەمەوەو بێ سڵکردنەوە بڵێم بەڵێ بودجەکەی بەغدا بۆ خەڵکی رەش و رووت و شارو دیهاتی کوردستان نییە بەڵکو بۆ حیزبەو پرۆژەکەی هاملتنیش لەگەڵ هەندێ تێبینی نەتەوەییمان ئەوا بۆ عیراقی ئێستا چ عەیبی نییەو نزیک و دوورمەودا زۆر شت ئەکاتە سیستم و یاسا؟! ئاخر (بەغدا هیچ نییە بۆ کورد تەنها سەرچاوەیەکی چەوری پەیداکردنی پارە نەبێ ئەویش بۆ کورد نا بەڵکو بۆ حیزب) ئەو دێرە لە ووتاری پێشووترمدا هاتووەو گرنگە شیکارێکی گەلێ ووردتری بۆ بکەین و رازی نەبین بەو بودجەیەوە کوردستان هەر کاول بێت، ئەپرسین گەر ئێمە بودجەی 17% ی داهاتی هەموو عیراقمان هەیە ئەوە چۆنە وێران و بێ شەقامین و بە فرۆکەی پڕ موجازەفەی هەشتاکانەوە سەفەر ئەکەین؟ئاخر ئەمە من بیزانم هاملتن و بیکەر چۆن نایزانن؟! ئەوە چۆنە شارێکی تەئریخی و سیاسی وەکو کەرکوک بودجەکەی 114 ملیار دینارە واتە نزیکەی 8000 دەفتەر دۆلار کە پارەی کرینی چەند خانوو کارخانەو پرۆژەیەکی حیزبەو وابزانم ئێستا بەرپرسمان هەیە لە هەولێرو سلێمانی خانوەکەی گەشتۆتە 300 دەفتەر جگە لە پرۆژەکانی دیکەی لە ئەوروپا،بۆیە دڵنیام 1% ی ئەو بودجەیە بە ئاستەمیش ناگاتە خێزانی کورد مەگەر بە پۆینت، من کە خانوو ماڵ و کارەباو خزمەتگوزاری و پارک و سینەماو بیمەی کۆمەلایەتیم نەبێ، ئەوا لەشەری بەغداو هاملتنیش بەدوورم و نایکەم و بمبورن کە گومانیشم هەیە لە زۆر شتی کورد!!

* ئەم ووتارە لە ژمارە 49 ی هەفتەنامەی ئاوێنە 2006/12/19 بلاوکراوەتەوە.